## بۆ كاك بەختیار عەلی

# "عێراق عەلمانیەتی تیا نییە وەك "هێز".. گەر تەنیا میحوەری جیاكردنەوەی ئاینیش لە دەوڵەت بكەینە پێوەر"

**سەباحەت تاهیر**

من خۆم بە لێكۆڵەرەوەی هیچ مەیدانێك نازانم ، قەت بە نووسینیش نەچوویمە ئاقاری لێكۆڵینەوە بەڵام دوای خوێندنەوەی چاوپێكەوتنێكی كاك بەختیار عەلی لەگەڵ "كوردستانی نوێ" ژمارە (23749) دووشەممەی 2005/8/15 ئەم تێبینیانەم لا دروست بوو لە بەر گرنگی باسەكە بۆ ئیمڕۆی ئێمەی كورد بە باشم زانی هەر وا بە كاتی بەسەرمان ڕەت نەبێ.

لە وەڵامی پرسیارێكی ك.ن لە كاك بەختیار لەسەر هەبوونی بەرەیەكی دژ كە ناوی بەرەی عەلمانی بێت بە گۆڕەپانی ئیمڕۆی عێراق كاك بەختیار دەڵێ "گەر بە مانایەكی زۆر كاڵ قسە بكەین ، واتە تەنیا میحوەری جیاكردنەوەی دین لە دەوڵەت بكەینە پێوەر ئەوە هێزی عەلمانی لە عێراق هەیە بەڵام هێز گەلێكی بێ پاڵپشت و لاوازن... ئێستا ژمارەیەكی زۆر ڕۆشەنبیری عەرەبی هێزی عەلمانیەتن كێشەكەش ئەوەیە كەس ئەم هێزە بە هەند وەرناگرێت.. هێزێكە بە زۆر پەراوێز دەكرێ و بێدەنگ دەكرێت".

من پشت ئەستوور بە وەڵامی كاك بەختیار بۆ پرسیاری دووەمی ك.ن ئەوە "ئەستەمە مرۆڤ عەلمانیەت و دیموكراسی و عەقلانیەت لە یەكدی جیابكاتەوە" واتە هەرگیز ناكرێ باس لە هێزێكی عەلمانیەت بكرێ بە وەرگرتنی تەنیا میحوەری جیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵەت وەك پێوەر چونكە هیچ هێز و دەسەڵاتێك و كەسێكی ئاسایی و ڕۆشەنبیری ناكرێ بڕوای بە جیابوونەوەی ئایین لە دەوڵەت هەبێ و عەقلانیەت و دیموكراسی ڕەتبكاتەوە و بڕوای پێنەبێ یان دیموكراسی بێ دوو چەمكەكەی تر ڕەت بكاتەوە ... ئەم سێ چەمكە بە یەكدی بەستراونەتەوە هیچیان بێ ئەوی تر مەیسەر نابێ و دروست نابێ و بەردەوام نابێ.

كاك بەختیار خۆی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بە نموونە دەهێنێتەوە وەك نموونەی مۆدێلێكی سەرنەكەوتوو لە قەیران كاتێ ئەم مۆدیلە هەوڵی بەرجەستەكردنی دیموكراسی داوە بێ جیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵەت جا چۆن ئێمە دەتوانین باس لە هێزێكی عەلمانی عەرەبی عێراقی بكەین بە تەنیا وەرگرتنی میحوەری جیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و دوو كوچكەكەی تر كە دیموكراسی و عەقلانیەتە... بەلا دەنێین؟!!

ئـەوە خالێـك، خـالی دووەم کـە سـەرەنجی زۆر راکێشـام فـۆرم کردنـی عەلمانیـەتی ئیمـڕۆی عەرەبی عێراقی بە "هێزی عەلمانیەت" لە لایەن کـاك "بـەختیار"ەوە (هـەتا گـەر لـە سـەر تاکـە میحـوەری جیاکردنـەوەی ئـایین لـە دەوڵـەتیش بـێ "کـە ئەسـتەمە") نـازانم کـاك بەختیار باس لە کام هێزی عەلمانیەت دەکات؟

جارێ شتێك بەهێز ناوەز دەکرێ کە زەمینـە و دینـامیکی مانـەوە و بەربـەرەکانی دژەکەی هەیـە و بـە هەنـد وەردەگـیرێ و پـەراوێز ناخرێـت و بێـدەنگ ناکرێـت...کـە هێـز ئـەم فاکتەرانەی نـەبوو یـان لـە دەسـتی دا ئـەوە دەکـرێ بەهـەر شـتێکی تـر نـاوەز بکرێـت نـەك هێز.. چونکە عەلمانیەت بە گریمانیش لەهەر میحوەرێك کە لـەو میحوەرانـە گـەر هێزێکـی هەبوایـە یـان لـە پرۆسـەی بوونـە "بـەهێز" بوایـە ئـەوە وابـە ئاسـانی بـۆ کـەس قـوت نەدەدران... بەڵام نەگبەتیەکەی عێراق لەوەی دایە کە تا ئێستا هیـچ هێزێکـی عـەلمانی وای لـێ دروسـت نـەبوە کـە بـە راکشـاوی داوای جیابوونـەوەی ئـایین بکـات لـە دەوڵـەت... جـا نەبوونی تەنانەت گروپێکی بـە هێـزی عەلمانیـەت لـە عێـراق کـە باسـکردنی جیابوونـەوەی ئاینی لە دەوڵەت لەلا بڤە نـەبێ هـۆی سـەرەکی ئـەم گۆبەنـدەیـە و قەیرانەیـە کـە عێراقـی تێوەگلاوە

خالێکی تر ئەوەیە من لەگەڵ رایەکـەی کـاك بـەختیارم بـۆ هـەبوونی رۆشـەنبیری عـەرەبی کـە بڕوایـان بـە عەلمانیـەت هەیـە بـەڵام ئـەم رۆشـەنبیر و رۆشـەنبیریەش تـا ئێسـتا نـەبوە بەهێز ئەم رۆشەنبیرانە چەند کەسانێکن کـە بـە ئاسـانی ئـەژمار دەکـرێن و "بەئاسـانیش هەندێ جار لە عەلمانیەت پاشگەز دەبنەوە و حاشای لێدەکەن".

ئاشکراشە کە عەلمانیەت و دیموکراسیەت بـە چـەند رۆشـەنبیران و کەسـان نایەتـە کایـەووە عەلمانیەت و دیموکراسی دەبێ ویست و خواست و داواکاری بەلایەنی کەم "بەشـێکی خـەڵك بێـت" ئـەوجا هێـز پەیـدا دەکـات و ئەوسـا بـە (هێـزی عەلمانیـەت) نـاوەز دەکـرێ... ئـەو (کات)ەش ئەم (هێز)ە پەراوێز ناکرێ و هیچ دەسـەڵاتێ نـاتوانێ بـە هەنـد هـەڵی نـەگرێ و دەنگ کپ بکات. هـۆی نـەهاتنی ئـەم (کـات)ەش و نـەبوونی ئـەم (هێـز)ە عەلمانیـەش لـەناو خەڵکی عێراق زۆرن و لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵدەگرێ.

خۆگەر ئەو (پەرلەمانەی ئیمڕۆی عێراق کە لێواو لێو پڕە لە پیاوی جوبە لەبەر و خـانمی موحەجەبە) کاك بەختیار گۆتەنی ، بەنموونە وەربگرین ئەوە زۆر شتمان لەسـەر عێراقـی ئیمـڕۆ پێـدەڵێ .. جارێ کـەس نـاتوانێ نکۆڵی لـەوە بکـات کـە ئـەم پەرلەمانـە بـە ئـازادی هەڵبژێردرا و ئیتلافی عێراقی کە (زۆرینەی) دەنگی هێنـا جـا ئـەم پیـا و خانمـە بەڕێزانـە ئەندام و کادیری حیزبەکانی دەنگ پێدراون ... ئەمانە نوێنەری ئـەم زۆرینـەن کـە دەنگـی

خەڵکیان هێنا.. خۆ هەمووشمان دەزانین خواستی ئەو پیاو و خانمانە چیە بۆ عێراق ... خۆ ئەوان هەر لە رۆژی یەکەم حکومەتەکەیان ئامادە نەبون سوێند بۆ فیدرالیش بخۆن جا چت داوە لە عەلمانیەت و دیموکراسیەت .. جا ئێمە گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەم زۆرینەی دەنگە کە ئەم حیزبە نا عیلمانیە و نادیموکراسی و ناعەقلانیە هێنایان چاویکیش بەواقیعی عێراقی ئیمڕۆ دابخشێنین ناچارین بە پێچەوانەی کاك بەختیار بڵێین "عێراق وڵاتێکی نادەوڵەمەندە (هەژار) لە رۆشەنبیر و کادیری چالاك .. بۆیە پەرلەمانی عێراق لێوان لێوە لە مەلا و خانمی موحەجەبەی نەخوێندەوار".

خەفەتەکەش لەوەیە کە ئەم پرۆسەی ئەو پەرلەمانەی هێناوەتە کایەوە پرۆسەیەکی دەنگدانی دیموکراسیە.. جا گەر ئەم دیموکراسیەش لە سەرەوەی ئیرادەی خەڵك بێ یان رەنگ دانەوەی ئیرادەی خەڵك بێ ئەوە بە زەرەری سەر خواردنی دیموکراسی کەوتۆتەوە.

بۆ تێوەگلانی سەرانی دەسەڵاتی کوردیش لە رێزلێنان و لە پشت گرتنی کە رۆشەنبیر و عەلمانیە عەرەبیەکان خوا هەڵناگرێ ئەم دەسەڵات و سەرانە و هەردوو حیزبە بە دەسەڵاتەکە " پێ راناگەن بە زەحمەت و رێزلێنان و بانگهێشت کردن و دەرگای میدیا و بە هەموو کەناڵەکانەوە والأکردوە بە کەیفی خۆیان ئەم زاتە عەلمانیانە قسان دەکەن و پەراوێزنەکراون لە سەفەرەکەم بۆ کوردستان یەك لەو رۆشەنبیرە عەلمانیەم لە فرۆکەخانەی دیاربەکر بەرچاو کەوت کە بە چەندان رۆشەنبیری کورد دەودرابوو لەبەرئەوەی ئەم زاتە پیرۆزە هەموو رۆژێ لە یەك لە کەناڵەکان یان رۆژنامەکان بەرچاو دەکەوێ دەم و چاویم زۆر بەرچاوکەوتبوو دەم و چاوەکەی سەرنجی راکێشاوم وامزانی ئامۆزام یان خاڵۆزامە و لە زەینم نەماوە "چونکە دەم و چاوەکەی زۆر (Fameliar) بوو.. خوا فریای زەینم کەوت ، ناوەکەم بیرهاتەوە و سەلامم لێی کرد و سوپاسی هەڵوێستە علمانی و دیموکراسی و عەقلانیەکەم کرد کە بێ شك بۆ کورد بە قازانج کەوتۆتەوە..."

ها ئەمانە وەك حزبی سەرانی کوردیان لێهاتووە و پەراوێز نەکراون بەڵام خۆ کوردیش زۆرینە نیە تا بە کەیفی خۆی مەیدانەکە بسازێنێ . جا ئێمە رووبەرووی بارێکی دژوار بووینەوە لەگەڵ عەقڵە بە شەرعەکەی عەرەبی عێراق کە (زۆرینە) بۆیە دەبێ زۆر بە دەیقەتانە ئەو وەزعە بخوێنیەوە چونکە خوێندنەوەی کەم دیقەت قەیرانەکە ئاڵۆزتر دەکات و نەوەی نوێش چەواشە دەکات.